گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 5, No. 2, pp. 250–257, June-2017
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2410-7557
e-ISSN: 2518-5128
journals.uoz.edu.krd

# جۆراوجۆری زمانی لە کۆمەڵگای کوردیدا

**شالاو سالح حەمەغەریب و یوسف شەریف سەعید**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، عێراق، هەرێمی کوردستان، عێراق.

وەرگرتن: 2017/03   پەسەندکرن: 2017/05   بەلاڤکرن: 2017/06   https://doi.org/10.26436/2017.5.2.308

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە تایبەت کراوە بە باسکردن و شیکردنەوەی لایەنە جیاجیاکان و جۆراوجۆری زمانی کە لە چوارچێوەی کۆزمانەوانیدا (sociolinguistics) گرینگی پێدەدرێت و توێژینەوەی دەربارە دەکرێت.

توێینەوەکە هەوڵدەدات وەلامی ئەم دوو پرسیارە بداتەوە:

1– ئایا جۆراوجۆری زمانی لە هەموو کۆمەڵگا زمانییەکاندا وەکو یەکە؟

2– ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی سەرهەڵدان و پەیدابوونی جۆراوجۆری لە کۆمەڵگای کوردیدا لە رووی چۆنیەتی و چییەتییەوە؟

توێژینەوەکە لە دوو بەش و پێشەکی و ئەنجام پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا جۆراوجۆری زمانی پێناسەکراوە و تیشك خراوەتە سەر چەمك و زاراوەکانی جۆراوجۆری زمانی لە روانگەی بۆچوونە جیاوازەکانی زمانەوانەکانەوە، بە تایبەتی لە پۆلینکردن و هۆیەکانی سەرهەڵدان و پەیدابوونی جۆراوجۆری زمانی.

لە بەشی دووەمدا هۆکارەکانی پەیدابوونی جۆراوجۆری زمانی لە کۆمەڵگای کوردیدا بە تێر و تەسەلی باسکراوە و نموونەی پێویست لەو بارەوە هێنراوەتەوە.

لە کۆتاییدا گرینگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەروو.

**پەیڤێن سەرەکی**: زانستی زمان، جۆراوجۆری زمانی، زمانەوانی کۆمەلایەتی، چین، رەگەز، تەمەن، پیشە.

## 1.پێشەکی

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە و بوارەکەی

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی (جۆراوجۆری زمانی لە کۆمەڵگای کوردیدا)یە، بۆ باسکردن و شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی لایەنە جیاجیاکانی جۆراوجۆری زمانی تەرخانکراوە، کارەکە سەر بە زمانەوانی کۆمەڵایەتیە، لە هەمان کاتدا ئەگەر پێویست بکات سود لە بوارەکانی تری زمانەوانی وەرئەگیرێت.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە

جۆراوجۆری زمانی وەك بابەتێکی هەنووکەیی و گرنگی زمانەوانی لە لێکۆڵینەوەی زمانیدا جێی تێڕامان و هەڵوەستە لەسەرکردنە، بەو پێیەی ئەم بابەتە لەچاو ئەو گرنگیەی زۆر بایەخی پێنەدراوە و لێکۆڵینەوەی ورد و پوختی لەبارەوە نەکراوە. بۆیە بە باش زانرا کە لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەوە ئەنجام بدرێت و لایەنەکانی بخرێتە بەر تیشك و سەرنجی زانستیانە و وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە:

1. ئایا جۆراوجۆری زمان لە هەموو کۆمەڵگایەکان وەکو یەکە؟
2. هۆکاری سەرهەڵدانی جۆراوجۆری زمان لە کۆمەڵگای کوردیدا چییە و چۆنە؟

### 1.1. کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی زمانی کوردی، زاری ناوەڕاستدایە و نموونەکان زیاتر لە ئاخاوتنی رۆژانەدا هەڵێنجراون و کەمتر نموونەی نووسراو کەڵکی لێوەرگیراوە، واتە" توێژینەوەکە لە زمانی ئاخاوتن دەکۆڵێتەوە و لە کاتی پێویستدا پەنا بۆ زمانی نووسین دەبرێت.

### 2.1. رێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگای کوردیدا، رێبازی وەسفی تێدا بەکارهاتووە و لە شوێنی پێویستیشدا پەنا براوەتە بەر شیکاری کەرەستەکان.

### 3.1. ناوەرۆك:

لێکۆڵینەوەکە بێجگە لە پوختەی (کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی) پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکدێت. لە بەشی یەکەمدا هەوڵدراوە جۆراوجۆری زمانی لە رووی چەمك و زاراوە بناسێنرێت، هەندێ بیرو بۆچوونی جیاوازیش سەبارەت بە پۆلینکردن و هۆیەکانی پەیدابوونی جۆراوجۆری زمانی بە شێوەیەکی گشتی خراوەتەروو.

لە بەشی دووەمدا هۆکارەکانی پەیدابوونی جۆراوجۆری زمانی لە کۆمەڵگای کوردیدا بە تێر و تەسەلی باسکراوە و نموونەی پێویست لەو بارەیەوە هێنراوەتەوە.

## 2. بەشی یەکەم : جۆراوجۆری زمانی (چەمك، پێناسە و پۆلینکردن):

### 1.2. سەرەتا:

له زمانەوانیدا دوو ئاڕاستەی دژ بەیەك هەن یەکیان دەربارەی جۆراوجۆری و دابەشبوون و ئەویتریان دەربارەی یەکگرتن و نەمانی جیاوازی زمانیە.

زۆربەی زمانەوانەکان لەو بڕوایەدان کە سروشتی زمان زیاتر بەرەو جۆراوجۆر بوون و دابەشبوونە، هۆی بوونی ئەم ڕایەش لەلایەن زمانەوانانەوە بۆ ئەو بەڵگانە دەگەڕێتەوە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بوونی هەیە، ئەویش دابەشبوونی کۆمەڵێك زمانە بۆ زارە جیاوازەکان وەکو دابەشبوونی زمانی لاتینی بۆ فەرەنسی و ئیتاڵی و ئیسپانی و چەندین زمانی تر. ئەم نموونانە وای لە زمانەوانان کردووە کە بڕوایان وابێت یاسایەکی سروشتی هەیە وا لە زمانەکان دەکات جیاوازییان لێ پەیدابببێت و بەرەو دابەشبوون و فراوانبوون بچن.

بە هەمان شێوە زماناسە کۆمەڵایەتییەکان پێیان وایە زمان پڕە لە جۆراوجۆری و تاوتوێکردنی جۆراوجۆرییەکانیش بەشێکە لە زانستی کۆزمانەوانی، ڕەچاوکردنی جۆراوجۆری لە زماندا بە بنەمایەك دەزانن بۆ بەرجەستە کردنی تیۆری زانستی بۆ زمان .

جۆراوجۆریی زمانی بوونێکی ئازاد و ڕەهای نییە، چونکە ئەم جۆراوجۆرییانە بەندن بە هۆکاری کۆمەڵایەتییەوە و پێشبینی کراون، بۆیە دەکرێت لە ئاستی گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا تاوتوێ بکرێن.کەواتە دەکرێت بوترێت لە هەموو کۆمەڵگایەکی زمانیدا جۆراوجۆرییەکی گەورە بەدی دەکرێت و زمانی ئاخاوتنی ئەندامانی کۆمەڵگا بەپێی شوێنی جوگراف و تەمەن و پیشە و چینی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانکارییە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر هەڵوێستی کۆمەڵایەتی. هەر لەم چوارچێوەیەدا زمانی پسپۆڕی (register) ئاماژەیە بۆ جۆراوجۆری زمان کە پەیوەستە بە بەکارهێنانی زمان لە کێلگەیەك یاخود بڵێین لە کۆمەڵەیەکی زمانی تایبەتدا وەك پیشەیی یان تەکنەلۆژی و زانستی و چەندانی تر. بۆ نموونە کاتێك ئەندازیارێك یاخود پزیشکێك قسەدەکات لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵە زمانییەکەی (گروپەکەی) خۆی، ئەوا ئەو دەربڕین و وشە و زاراوانە بەکاردێنێت کە تایبەتە بە بوار و پیشەکەیەوە (یوسف شریف، 2011: 244) جێگای باسە دیالێکتەکان (زارەکان) بە وێنەیەك لە جۆراوجۆری زمان دادەنرێن، لێرەدا ئاماژە بە دیالێکتی کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت. ئەم دیالێکتانە کاتێك کەسێك قسەی پێدەکات لە ڕێگەی زمانەکەیەوە دەتوانرێت ناونیشانەکەی و کەسایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری دیاری بکرێت .

### 2.2. زاراوەی جۆراوجۆری زمانی:

لێکۆڵینەوە لە جۆراوجۆری زمانی یەکێکە لە سیما سەرەکییەکانی زانستی کۆزمانەوانی و دیاردەیەکە جێی بایەخی لیکۆڵەرەوانی ئەم زانستەیە. (یوسف شریف، 2011: 244) ئەم زاراوەیە بەرامبەر بە (Language Variety)ئینگلیزی و (التنوع اللغوی) عەرەبی بەکاردێت و لە زمانی فارسیدا زاراوەکانی (زبان گونه، گونا گونی زبانی، گونەهای زبان)ی بۆ بەکاردێت.جێگای باسە لە زمانی کوردیدا جگە لەم زاراوەیە چەندین زاراوەی تریش بۆ هەمان مەبەست بەکاردێت وەکو: (جیاوازی زمانی، شێوازی بەکارهێنانی زمان، شێوازی قسەکردن)، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی (جۆراوجۆری زمانی) بەشێوەیەکی فراوان بەکارهاتووە. (بێریڤان محەمەد شەریف، 2010: 8).

### 3.2. چەمك و پێناسەی جۆراوجۆری زمانی:

وەکو باسکرا لە هەر کۆمەڵگایەکدا شێوەی جیاوازی بەکارهێنانی زمانی هەیە، بەڵام ئەم دەرکەوتنی جیاوازی زمانییەش بە دوو شێوە دەبێت، یان ئەوەتا بەشێوەی هەبوونی زیاتر لە زمانێك لە کۆمەڵگادا خۆی پیشان دەدات، یاخود بە شێوەی هەبوونی جۆراوجۆری زمانی لە ناو یەك زماندا دەبێت کە لێرەدا شێوەی دووەم مەبەستی توێژینەوەکەیە.

ئەم چەمکە پێناسەی زۆری بۆکراوە، لێرەدا هەندێکیان دەخرێتەڕوو کە پەیوەندییان لەگەڵ باسەکەدا هەیە. یەکێك لەوانە پێی وایە (وشەی جۆراوجۆری زمانی یان جۆراوجۆری ئاخاوتن هەر شێوەیەکی جیاوازی زمانی دەگرێتەوە کە لەلایەن ئاخێوەرێکەوە یاخود گروپێکی ئاخێوەرانەوە بەکاردێت)[1] (بێریڤان محەمەد شەریف، 2010: 9).

کەواتە جۆراوجۆری زمانی پەیڤێکە لە زمانەوانی کۆمەڵایەتیدا یان بە زاراوەی شێواز دەناسرێت و ئاماژە بە هەر سیستەمێکی دەربڕینی زمانی دەکات، کە بەکارهێنانەکەی گرێدراوی بارودۆخە جیاجیاکان بێت. لە لای هەندێ زمانەوانی تریش ئەم زاراوەیە بەوە پێناسەکراوە کە جۆرێکی جیاواز و تایبەتی زمانییە زارەکانیش دەگرێتە خۆی.[2] . (Crystal, 2003: 489)

(علی أکبرشیری، 1386: 131) ڕای وایە: (یەکێك لە لایەنە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوە لە کۆزمانەوانیدا کە لە دەیەکانی ئەم دواییەدا بەهاو بایەخی پەیداکردووە جۆراوجۆری و جیاوازی زمانییە، کە زمان بە کۆمەڵە هۆکارێکی وەك: کۆمەڵگا، نەتەوە، چینی کۆمەڵایەتی، ڕەگەز، تەمەن، پیشە و چەندین هۆکاری تر دەبەستێتەوە.

## 3. بەشی دووەم: هۆکارەکانی پەیدابوونی جۆراوجۆری زمانی لە کۆمەڵگای کوردیدا:

### 1.3. چین و توێژی کۆمەڵایەتی (class):

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان هەریەکەیان بەپێی سنوور و تایبەتمەندی خۆی کاردەکاتە سەر ڕەفتاری زمانی و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی

جۆراوجۆری زمانی و زاری کۆمەڵایەتی، یەکێك لەو هۆکارانەش چین و توێژی کۆمەڵایەتییە.

چین و توێژی کۆمەڵایەتی لە سەرەتادا لە کۆمەڵناسیدا لێی کۆڵراوەتەوە و چەمکەکەی پێناسەکراوە، بەڵام دواتر لە زمانەوانیدا وەکو بابەتێکی کۆزمانەوانی و ڕۆڵی لە دروستبوونی جیاوازی زمانیدا سەیرکراوە و پێناسەی بۆ کراوە یەکێك لەوانە (پیتەر ترادیگیل)ە دەڵێت: مەبەست لە چینی کۆمەڵگا، پلەبەندی کۆمەڵگایە کە پەیوەندی بە زنجیرە پلەو پایەکەوە هەیە لە نێوان گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا.بە شێوەیەکی گشتی بە دەستەیەك لە تاکی بە توانا و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی یان ئابووری هاوشێوە هەژماردەکرێن، لە ڕووی زمانەوانییەوە هۆکارن بۆ دروستبوونی زارە کۆمەڵایەتییەکان. (علی أکبر شیری، 1386: 133)

یەکێکی تر لەوانەی پێناسەی ئەم چەمکەی کردووە ئەویش (منو چێهر، و. کۆمەڵێك نووسەر، 2007: 224)ە، دەڵێت: ((گروپێکن لە کەسەکان، چەند پێگەیەکی کۆمەڵایەتی تاڕادەیەك هاوشێوەیان هەیە و لە ڕووی چەند هۆکارێك وەك: جیاوکە خێزانییەکان و هەلومەرجی (پیشە، خوێندن، داهات) تاڕادەیەك یەکسانن.)) دەکرێت بگوترێت چینە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا بەگشتی لە ڕووی ئابووری و فەرهەنگییەوە دابەشدەکرێن بۆ چینی " دەوڵەمەند، مامناوەند، چینی خوارەوەی کۆمەڵگا. بەم پێیە چینی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر زاری تاك هەیە و سنوورێك لەنێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا دروستدەکات، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین ڕادەی فراوانی هەمەچەشنی و جۆراوجۆرییە زمانییەکان بەندە بە پێکهاتەی ناوەوەی کۆمەڵێك و پەیوەندی گروپە جیاوازەکان و ڕێگرییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگاکەیە. (یحیی مدرسی، 1387: 148).

شێوازی ئاخاوتن و فەرهەنگی زمانی چینەکانی کۆمەڵگا (باڵا، ناوەند، خوارەوە)[3] جیاوازە، تەنانەت بابەتی قسەکردنیشیان جیاوازە و بەئاشکرا هەست پێدەکرێت وەك ئەوەی کاتێك کەسانی دەوڵەمەند (چینی باڵا) قسەدەکەن زیاتر وشەکانی (مۆڵ ، سوپەرمارکێت ، پارك ، مارکە ، ڕێستورانت) بەکاردەهێنن، لەکاتێکدا چینی ناوەند و خوارەوە زیاتر وشەکانی (بازاڕ ، دوکان ، باخچە ، خواردنگە) بەکاردەهێنن. ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی چینەکان لە هەمان کاتیشدا دەبێتە کێشە بۆ هەندێك لە ئاخێوەرانی ناو کۆمەڵەیەکی زمانی، بۆ نموونە کاتێك کەسێك لە چینی ناوەندەوە ئاستی ئابووری لە ماوەیەکی کەمدا بۆ ئاستێکی باڵاتر بەرزدەبێتەوە، ئەوا دەتوانێت زۆر بە ئاسانی و بەزووترین کات لاسایی ئەندامانی ئەو چینە بەرز و باڵایە بکاتەوە لە خۆپێچوواندنیان لە شێوازی خانوو جل و بەرگ و ئەوشتانە، بەڵام لە هەمان کاتدا ناتوانێت بە شێواز و زمانی ئاخاوتنی ئەوان بدوێت، کاتێك دەیەوێت وەك ئەوان بدوێت، دەبێتە جێگای گاڵتەپێکردنی دەوروبەرەکەی و تووشی گرفتی دەکات. (محمود السعران، 1963: 60).

ئاخێوەرانی هەر زمانێك لە کاتی قسەکردن لەگەڵ بەرامبەرەکەیان ئاستی خۆیان و بەرامبەرەکەیان لەبەر چاو دەگرن، چونکە هەڵسوکەوتکردن بە پێچەوانەی ئەمە ئاکامی باش نادات بەدەستەوە، هەر بۆیە مرۆڤ دەبێت کەسایەتیەکی چەند ڕووی هەبێت تاکو لەگەڵ ئەو بارودۆخانەدا بگونجێت کە تێیدا دەژیت و بتوانێت بە ئاسانی لەگەڵ کەسانی پلە و پایەی جۆراوجۆردا هەڵبکات، بەشێوەیەك لەگەڵ هەریەکەیاندا پەیوەندی کۆمەڵایەتی جیاوازی هەبێت و بەپێی ئاستەکەی خۆیدا مامەڵە و ئاخاوتنی لەگەڵدا بکات. لەم بارەیەشەوە پێغەمبەرمان محمد (سڵاوی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: ( کلم الناس علی قدر عقولهم ) واتە" (لەگەڵ خەڵکیدا بە گوێرەی بیرو هۆشیان بدوێ.) (ئارام عەبدولواحید، 2013: 280).

کەواتە بوونی شێوازی ئاخاوتنی جیاواز کە چینێکی پێ تایبەت دەکرێت لە ناو کۆمەڵێکی زمانیدا ڕاستیەکی ئاشکرایە و لە کۆمەڵگاکاندا هەستی پێدەکرێت، خەڵکی لەسەر ئەو بنەمایە ڕیزبەند دەکرێن[4]. ئەمانە هەمووی ئەوە دەردەخەن کە بوونی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی بەرچاو دەبینن لە دروستبوونی جۆراوجۆرییە زمانییەکان لە کۆمەڵگادا.

2.3. تەمەن :

یەکێکی تر لە هۆکارە کاریگەرەکان سەرهەڵدان و پەیدابوونی جۆراوجۆری زمانی کە پەیوەندیدارە بە زاری کۆمەڵایەتیش، هۆکاری تەمەنە.

تەمەن یەکێکە لە کەتیگۆرییە زمانییە بەکارهێنراوەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە جۆراوجۆری زمانی. ئەم کەتیگۆرییە هەمیشە بە شێوەیەکی ڕەخنەییانە لێکۆڵینەوەی تێداکراوە و وەك ڕاستییەکی بایلۆژی بۆ پۆلینکردنی ئاخێوەران مامەڵەی لەگەڵدا کراوە[5]. (شاخەوان جەلال، 2013: 286).

ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە زمان بەدەست دەخرێت، واتە" مرۆڤ زمانەکەی لە کۆمەڵگادا لە ڕێگەی ئامرازەکانی وەرگرتنی زمانەوە بەدەست دەخات و فێری دەبێت، ئەم ئامرازانە لەگەڵ قۆناغەکانی تەمەندا پەرە دەسێنن بۆیە زمانی تاکەکەس بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی دەگۆڕێت و هەمەجۆر دەبێت. ئەم فێربوونەش هەرچەندە لە تەمەنی شەشساڵی مرۆڤدا تەواو دەبێت و تاك فێری دەستووری زمانەکەی دەبێت لە هەمان کاتیشدا هەوڵی فێربوونی زمانێکی فەرمی پەسەنکراوی کۆمەڵایەتی دەدات، ئەمەش کاتی دەوێت و بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت، لە کاتی گەنجێتیدا زیاتر دەستەواژە و وشەی گشتی و بازاڕی (Slang) دەبینرێت. پاشان لە ماوەی پێگەیشتن زمانەکەی گەشەدەکات و سیمایەکی جێگر وەردەگرێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی تاك خوێندنی تەواودەکات و شوێنی خۆی لە

پیشە و کۆمەڵدا وەردەگرێت. (نایف خرما، و.شەهاب شێخ تەیب، 2013: 306).

لەگەڵ ئەوەی زمان لەگەڵ تەمەنی تاکدا پەرەدەسێنێت، بۆیە بۆ هەموو تەمەنەکان (منداڵی، هەرزەکاری، گەنجی، کامڵبوون و پیری) تایبەتمەندی زمانی تایبەت بە خۆی هەیە و لەوانی تر جیای دەکاتەوە، بە جۆرێك کە فەرهەنگ و شێوازی قسەکردنی هەریەك لەو قۆناغانە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت و بە ئاسانی لەلایەن گوێگرانەوە سنووری تەمەنی قسەکەران دەناسرێتەوە. (ئالان محەمەد، 2015: 30). بەمەش توانای بەکارهێنان و دەربڕینی دەستەواژەکان و وشەکان لە کەسێکی بە تەمەنەوە بۆ کەسێکی گەنج جیاوازە. گەنجەکان زیاتر ڕستە و دەستەواژەگەلێکی وەك (دەڕبی لێدام، فلیمیم سوتاند، خۆڕیم کرد خۆم تێنەگەیاند) بەکاردێنن، بەڵام کەسانی کامڵ زیاتر ڕستە و دەستەواژەکانی (فێڵی لێکردم، ڕیسوام کرد، ئیهمالم کرد) بە کاردێنن. زۆرجاریش ڕەنگە کەسێکی پیر بەهۆی نە شارەزایی بە وشە قورس و نوێیەکان بە هەڵە بەکاریان بهێنێت و لە واتاکانیان نەگات، وەکو ئەوەی پیرێك لە جیاتی وشەی (کۆمپیوتەر) وشەی (کۆنتیرەر) بەکاردێنێت. بە هەمان شێوە بەکارهێنانی کۆمەڵێك دەستەواژە و وشەی کۆن، کە بۆ نەوەی نوێ نەبیستراون، دەشێ بە هەڵە بەکاربهێنرێن لە لایەن گەنجەکانەوە یاخود تێگەیشتن لە واتاکانیان ئەستەم بێت بۆیان، وەکو وشەکانی (هەوجاڕ، جەنجەڕ، بێرە، شەوین) ئەم دیاردەیە زیاتر لە ناو پیشەکاندا بە ئاسانی هەستی پێدەکرێت .

کەواتە هەرە پیرەکان وەك هەرە گەنجەکان قسە ناکەن. (محمد معروف، 2011: 107). هەریەکەیان زمانێکی ئاخاوتنی تایبەت بە خۆیان هەیە، هەرچەند لە یەك ژینگە و لە یەك پیشەدا پێکەوەبن و بە یەك زمانیش بدوێن. بۆیە لێرەدا بۆشاییەك لە نێوانییاندا دروستدەبێت کە زمانەوانەکان لەم باریەوە پێی دەڵێن کەلێنە زمانەوانییەکانی نێوان نەوەکان( Linguistic Generation Gaps).

هەر لەبەر ئەمەشە نەوەکان هەوڵدەدەن بە زمانی هاوبەش ئەم کەلێنە پڕبکەنەوە ئەم هەوڵەش لە کۆمەڵگادا بە ئاشکرا دیارە لە کاتی قسەکردنی باوان بۆ ڕۆڵەکانیان، یان بە پێچەوانەوە، وەك ئەوەی دەبینین لە کاتی ئاخاوتنی باوك لەگەڵ منداڵەکەیدا بەردەوام هەوڵدەدات لە ئاستی تەمەنی خۆی دابەزێت بۆ ئاستی تەمەنی منداڵەکەی، بۆ نموونە دەڵێت:(ئەها بابە تەتەی بۆ کلیوی، جوجەکە لۆیی، وەوەکە غاریدا) ، ئەمەش وا دەکات کەمتر جیاوازی تەمەنەکان دەربکەوێت لە کاتی ئاخاوتنیان لەگەڵ یەکتریدا. (عەبدە ئەلراجحی، و. عەبدوڵڵا گەرمیانی، 2013: 80).

تاکەکانی کۆمەڵ بە شێوەیەکی گشتی شارەزای ئەو دەستوورە کۆمەڵایەتییانەن کە جەخت لە بەکارهێنانی زمان بەپێی تەمەن دەکەنەوە. ئەگەر هاتوو یەکێك ئەو دەستوورانەی فەرامۆش کرد، بۆ نموونە کەسێکی پیر وەکو کەسێکی هەرزەکار قسەی کرد یاخود وەکو منداڵێك بدوێت ئەوا تووشی ڕەخنە و توانج و گاڵتەپێکردن دەبێتەوە. جێی باسە ئەمە زیاتر لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا جەختی لەسەر دەکرێتەوە و کەمتر لە کۆمەڵگا کراوەکان بایەخ بەو لایەنانە دەدەن. بۆیە دەبینین لە کۆمەڵگای کوردیدا مرۆڤ لەکاتی ئاخاوتنیدا زۆر بە دەست نوێژە و زۆر بە وردی بایەخ بە تەمەنی خۆی و بەرامبەرەکەی دەدات. (ڕێژنە مەعروف، 2010: 35).

لێرەدا ئەوە دەرکەوت کە زمانی ئاخاوتن لەگەڵ تەمەندا لە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆدایە و بەپێی تەمەنی قسەکەر دەگۆڕێت. دەبێ ئەوەش بزانرێت کە گەشە و جیاوازی گەنجینەی وشەکان تەنیا لە ژمارەی وشەکاندا نییە، بەڵکو لە شێوازی قسەکردن دایە و هەموو تەمەنێك شێوازی ئاخاوتنی تایبەت بەخۆی هەیە. (ئارام عەبدولواحید، 2013: 258). بۆ نموونە:

- قسەی پیاوێکی بە تەمەن دەربارەی باران بارین بەمشێوەیەیە:
(دەرێ ئەگەر پەرە کەت یەعنی جۆخین کەت)
- قسەی گەنجێك دەربارەی باران بارین بەمشێوەیەیە:
(بارانەکی چاك دەباری ئەوها بڕوا نەورۆزەکەمان فت)

لەم دوو نموونەی سەرەوەدا ئەوە دەردەکەوێت کە جیاوازیی ئاخاوتنی نێوان کەسێی پیر و گەنجێك تەنها لە یەکە زمانییەکاندا نییە، بەڵکو لە شێوازی ئاخاوتنیشیاندایە، چونکە وا دەردەکەوێت کە باران بارین لای پیرێك پەیوەستە بە دابینکردنی بژێوی ژیان و پیشەکەیەوە، بەلام لای گەنجێك تەنها پەیوەستە بە لایەنی حەز و ئارەزووەکانییەوە.

کەواتە تەمەن تاڕادەیەکی زۆر حوکمی هەڵبژاردنی داتا زمانییە شیاوەکان دەکات بۆ بەکارهێنانیان لە بارودۆخە گونجاوەکاندا. هەر ئەویش دەبێتە هۆکارێك بۆ دروستبوونی جۆراوجۆری زمانی و هاتنەکایەوەی زارە کۆمەڵایەتییەکان .

### 3.3. ڕەگەز :

یەکێکی تر لە هۆکارە گرنگەکانی سەرهەڵدانی جۆراوجۆری زمانی و زارە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان ڕەگەزە. واتە" ڕەگەز فاکتەرێکی گرنگە لە کارکردنە سەر ڕەفتاری زمانی و هەڵبژاردنی کەرەستە و دەربڕاوەکان و تەنانەت بیرکردنەوەی تاکەکانیش، بێگومان ئەمەش لە زماندا ڕەنگدەداتەوە و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جیاوازی لە زمانی قسەکردندا .

خۆی لە خۆیدا زمان، ڕەنگدەرەوە، تۆمارکەر و گوێزەرەوەی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانە، بە هۆی ئەو جیاوازییانەی کە لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ دا هەیە، هەر بۆیەش جیاوازی لە ڕەفتاری زمانی ئەواندا دەبینرێت. (زوبێرعلی، 2012: 90).

زمانیش بە هەمان شێوەی هەر چالاکییەکی تری کۆمەڵایەتی لە پەیوەندی لەگەڵ پلە و پایە، پیشە، ئاستی ڕۆشنبیری و ڕەگەزی قسەکەرانیدا دەگۆڕێت، بە شێوەیەکی وا کە هەر یەکێك لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان لە هێنانە کایەوەی بوارێکی تایبەت و دیاریکراودا بەشداری دەکات .

یەکێك لەو شتانەی هیچ گومانێك هەڵناگرێت لە زمانەوانی کۆمەڵایەتیدا بوونی زمانی پیاوان و زمانی ژنانە، لە زۆربەی زمانەکاندا جیاوازی لە نێوان قسەکردنی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ دا دەبینرێت، بەڵام دەکرێت ئەم جیاوازییە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ڕێژەکەی بگۆڕێت. ئەمەش زیاتر لەوەوە سەرهەڵدەدات کە هەتاکو ئەم دوو ڕەگەزە لە یەکتر دووربن، ئەوا جیاوازییەکانیان زیاتر دەبن و زمانی ئاخاوتن و فەرهەنگی زمانییان لە یەکتر دوور دەکەوێتەوە، بەپێچەوانەوە تاوەکو لە یەکتر نزیك بن لە ئیش و کاری ڕۆژانە و پیشەکاندا ئەوا جیاوازییەکان کەمتر دەبنەوە. (ڕێژنە مەعروف، 2010: 33).

سەبارەت بەو ئاڕاستەیەی کە پەیوەندی بە کۆمەڵی کوردەوارییەوە هەیە، دەبینین تێکەڵاوی لە نێوان ژن و پیاودا کەمە[6]، جا ئەمە بە هۆی ئاینەوە بێت یان کۆمەڵایەتی. لە ناو پیشەکانیشدا ئەمە دەبینرێت، بەوەی هەندێکیان تەنها تایبەتن بە ڕەگەزی نێر و هەندێکی تریان تایبەتن بە ڕەگەزی مێ، لە هەمان کاتدا هەندێ پیشەی تر هاوبەشە لەنێوانیاندا .

بەم لێکدوورکەوتنەوەیە و کەمبوونی تێکەڵاوی لە ئاستی ڕەگەزدا شێوەی ئاخاوتنی تایبەت و جیاواز دروست دەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەی هەریەکەیان شێواز و وشە و زاراوەی تایبەت بەخۆی هەبێت. (ئارام عەبدولواحید، 2013: 261).

کەواتە یەکێك لەو فاکتەرانەی دەبێتە هۆی پەیدابوونی جیاوازی لە نێوان زمانی ئاخاوتنی ژن و پیاودا کار و پیشە و چالاکی هەر یەکێکیانە لە کۆمەڵگادا، بۆیە دەبینین پیاوان فەرهەنگیان لە هەندێك بابەتی وەك " ئابوری، وەرزش و ئەو لایەنانە دەوڵەمەندە کە پەیوەندییان بە کار و پیشەی دەرەوەیماڵەوە هەیە، بە حوکمی ئەوەی پیاوان زیاتر پیشەکانیان لەناو خەڵکی و دەرەوەی ماڵدایە، کۆڵەکەی پیشە جیاوازەکان زیاتر لە دەست ئەوانە، لە کاتێکدا ژنان فەرهەنگیان لەو بوارانەدا دەوڵەمەندە کە پەیوەندییان بە ئیش و کاری ماڵ و منداڵ بەخێوکردن و پیشەی ژنانەوە هەیە بە حوکمی ئەوەی ژن زیاتر خەریکی ئیشی ماڵەوەیە و کەمتر تێکەڵ و بەشداری پیشەکانە. تەنانەت لە زۆرێك لە کۆمەڵگاکاندا ئەو فەرهەنگەی ڕەگەزێکیان بەکاردەهێنێت، ڕەگەزی بەرامبەر ناتوانێت قسەی پێبکات و بەکاری بهێنێت. (ئالان محەمەد، 2015: 26).

لە کۆمەڵی کوردیشدا دەبینین پیاوان وشە گەلێکی زۆری تایبەت بەخۆیان هەیە کە ژنان لێی تێدەگەن، بەڵام بەکاری ناهێنن وەکو ئەو وشانەی زیاتر تابۆن و لە جنێوداندا بەکاردێن یاخود وشەکانی (بە شەڕەفم، بە ناموسم، بە تەڵاقم و چەندانی تر)، لەلایەکی ترەوە ژنانیش وشە و دەستەواژەگەلێکی تایبەت بەخۆیان هەیە وەکو (جەرگت نەسوتێ، بە بابی کوڕان بیت، دایکت نەمرێ، لە بەرت مرم، بە قوربانی جەرگت بم، بە ساقەوبم، ڕوت سپی بێ و چەندانی تر) کە هەرگیز پیاوان بەکاری ناهێنن، چونکە بەهۆی بەکارهێنانییانەوە دەبنە جێگەی گاڵتەپێکردنی ڕەگەزی بەرامبەرییان[7]. هەر بەم هۆیەشەوە وا دەردەکەوێت ژنان و پیاوان زمانێکی جیاوازییان لە یەکتر هەیە، ئەمەش زیاتر لەو کۆمەڵگایانەدا ڕوونترە کە ڕۆڵ و پیشەی ژنان و پیاوان لەیەك جیاوازن واتە جیاوازی زمانی ژن و پیاو لە پەیوەندی لەگەڵ پیشەدا شتێکی ئاشکرایە و بە ئاسانی هەستی پێدەکرێت. (عەبدە ئەلراجحی، و. عەبدوڵلا گەرمیانی، 2013: 81).

ژن و پیاو دوو بوونەوەری جیان ڕۆڵ و ئەرك و لێپرسراوێتییەکانیان جیاوازن، ئاین، کۆمەڵ و بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکان وەکو یەك مامەڵەیان لەگەڵدا ناکەن و بە یەك چاو سەیر ناکرێن، هەرچەندە پێکەوە دەژین و هاوبەشی یەکترن، بەڵام هەریەکەیان جیهانێکی تایبەت بە خۆی هەیە. (شیلان ڕەحیم، 2004: 26). هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە ڕووی پەیکەر، لاشە، دەنگ، ئیش و کار، چۆنیەتی قسەکردن و چەندین لایەنی تر جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە. ئەم جیاوازییانەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی جۆراوجۆری زمانی لە نێوانیاندا کە زیاتر لە چەند لایەنێکدا دەردەکەوێت وەك: جیاوازی دەنگی کە لێرەدا دەبینین دەنگی ژنان لە دەنگی پیاوان تیژترە و چینە دەنگیشیان بەرزترە، هەروەها گۆکردنی ژنان ڕونترە و سورترن لەسەر بە چاکی دەربڕینی وشە و ڕستەکان لە کاتێکدا دەنگی پیاوان گڕترە، هۆیەکەشی بۆ لایەنی بایلۆژی دەگەڕێتەوە. (نایف خرما، و. شەهاب شێخ تەیب، 2013: 308).

یەکێکی تر لەو لایەنانەی کە ئەم جیاوازییە زۆر بە زەقی تێدا دەردەکەوێت ئەویش لایەنی فەرهەنگی وشە و دەستەواژەکانە کە ئەویش لە پێشتردا ئاماژەی پێدرا. هەرچی پەیوەندی بە لایەنی ڕستەسازی و ڕێزمانیش هەیە دەبینین لە زۆرێك لە زمان و زارەکاندا هەردوو ڕەگەزەکە نیشانەی ڕێزمانی تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆ نموونە لە زاری کرمانجی ژوورووی زمانی کوردیدا نیشانەی (ا،یا) بۆ ڕەگەزی مێ و نیشانەی (ێ،یێ) بۆ ڕەگەزی نێر لە دۆخی دانەپاڵدا بەکاردێت وەك:

- کچا لەزگینی هات.
- کوڕێ لەزگینی هات.

جگە لەمەش شێوازی ئاخاوتنی خەڵکی لەگەڵ ژن و پیاودا جیاوازە، بۆ نموونە ئاساییە بە ژن بوترێ (ئەمرۆ لە ڕۆژان جوانتری) بەڵام ئەمە

بە پیاو ناوترێ. (محەمەد مەعروف، 2011: 108). لە بارەی رێژەی قسەکردنیشەوە دەوترێت" پیاوان کەمتر لە ژن قسە دەکەن و بە پێچەوانەوە ژن قسەکانی درێژ دەکاتەوە. واتە" جۆرە درێژدادرپییەك بە قسەکردنییەوە دیارە یان لە کاتی قسەکردندا دەیەوێت بە ناسکی قسە بکات و سەرنجی پیاو بۆ خۆی رابکێشێ، بۆ نموونە کاتێك ژنێك و پیاوێك هەریەکەیان بیانەوێت سەبارەت بە چوون بۆ دوکانێك قسە بکەن جیاوازییان زۆرە بەمشێوەیەی خوارەوە:

پیاوەکە دەڵێت: ژنەکە باچینە ئەو دوکانە شت بکرین.

بەلام ژنەکە دەڵێت: پیاوەکە بۆ نایەی بچین بۆ ئەو دوکانە، ئەڵێن شتیان گەلێ هەرزانە و باشیشە، ئێ هیچیشمان لە مالا نییە.

### 4.3. **پیشە:**

یەکێکی تر لە هۆکارە سەرەکییەکانی هاتنە کایەی جۆراوجۆری زمانی و زارەکۆمەڵایەتییەکان، کار و پیشەی ئاخێوەرانە. هەموو پیشەیەك دیالێکتێکی تایبەت بەخۆی هەیە (Jargon) چونکە هەر پیشەیەك زمانێکی ئاخاوتنی خۆی هەیە و هەندێك زاراوە بەکاردێنن کە لە پیشەکەدا هەیە، بە تایبەت ئەو پیشانەی زیاتر زاراوەی هونەری بەکاردەهێنن. وەکو: پزیشکەکان، سەرباز، راوچییەکان و چەندانی تر. ئەمانە هەموویان زاراوەی جیاواز و تایبەت بەخۆیان هەیە. (عەبدە ئەلراجحی، و. عەبدوللا گەرمیانی، 2013: 82) ئەمەش وا دەکات هەر چین و توێژێکی کۆمەڵ لەناو کۆمەڵێکی زمانیدا بە پێی جۆری پیشەکەی، زمانی ئاخاوتنیشی جیاوازبێت و شێوازی قسەکردن و فەرهەنگە زمانییەکەی لە پیشەیەکی تر جیابکاتەوە. بۆ نموونە کاتێك ئێمە رستەیەکی وەکو ئەمەی خوارەوە دەبیستین دەزانین کە ئەمە تایبەتە بە پیشەی کشتوکاڵی وەك:

- دەبێت تەماتەکان بچێنین و سێ رۆژ جارێك ئاویان بدەین.

ئەم رستەیەی سەرەوە جیادەکرێتەوە لە رستەیەکی وەکو:

- داواکەر و داواکراو قسەی شایەتەکانیان بیست.

ئەمەی دووەمیان دیارە زاری تایبەت بە پارێزەرانە کە لە دادگادا بەکاردێت. (علی اکبر شیری، 1386: 134).

خۆ دەبێت ئێمە ئەوەش بزانین کە ئەوە هەر پیشەیە وا دەکات، رەفتارێکی زمانی لە هەندێ پیشە و دەوروبەردا بارێکی ئاسایی وەربگرێت و لە هەندێ پیشەی تردا بەشتێکی نامۆ و بارێکی نا ئاسایی لە قەلەم بدرێت. بۆ نموونە زمانی ئاخاوتنی پیشەی سەربازی زمانێکی تا رادەیەك زبرە و هیچ جۆرە نەرم و نیانییەکی پێوە دیارنییە، پەیڤ و وشەکانی ئەم بوارە زیاتر وشەی رەق و توندن، وەك (بەرەو لای راست بسورێ، بۆ پێشەوە برۆ) لە هەمان کاتدا بەکارهێنانیان لە ناو کەسانی خاوەن ئەم پیشەیە (لە دەوروبەرە زمانییەکە و سنوری پیشەکەدا) دیاردەیەکی ئاساییە و هیچ جۆرە کێشەیەکی تێدانییە، کەچی رەنگە ئەم جۆرە زمانە ئاخاوتنە بۆ پیشەیەکی وەکو مامۆستایەتی یاخود پزیشکی دەست نەدات. (ئارام عەبدولواحید، 2013: 267).

لە لایەکی ترەوە لەبەرئەوەی زمان رەنگدەرەوەی کەسێتی، پیشە و ئاستی رۆشنبیری مرۆڤە و هەر پیشەوەرێك شێوازی دەربڕینی زمانی جیاوازە لە یەکێکی تر، بۆیە ئەوە وەکو شتێکی ئاسایی دەبینرێت، فەرهەنگی زمانی هەموو کەسێك وەکو یەك نین و زۆرجار لە کاتی قسەکردنی دوو کەسی پیشە جیاوازدا نارەحەتی و گرفت دێتەرێ لە تێگەیشتنیان لە یەکتری، ئەمەش زیاتر لەو کاتەدا سەرهەڵدەدات کاتێك هەریەکەیان بیانەوێت دیالێکتی پیشەکەیان تێکەڵ بە زمانی ئاخاوتنی رۆژانە و فەرمی بکەن.

جا ئەم تێکەڵکردنە بەبێ ویستی خۆیان بێت، وەکو ئەوەی تێبینی دەکرێت هەندێ لە زانایانی بواری توێکاری و دەواو دەرمان بەهۆی سەرقاڵییان بە پیشەکانیان و زاڵبوونی فەرهەنگی تایبەتی پیشەکە بەسەریانەوە ناتوانن بە باشی پەیوەندی بە کەسانی دەرەوەی پیشەکانیانەوە بکەن. یاخود خۆویستانە بێت و بیانەوێت خۆیان دەرخەن یاخود خۆیان لە کۆمەڵی رەمەکی خەڵك جیابکەنەوە دیسانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکی پتەو و دروستی زمانی دانەمەزرێت، کەواتە یەکێك لە نیشانەکانی سەرکەوتوویی لە کاتی ئاخاوتندا ئەوەیە کاتێك مرۆڤ بۆ هاوپیشەکانی دەدوێت بە زمانی پیشەکەی بدوێت (عەبدە ئەلراجحی، و. عەبدوللا گەرمیانی، 2013: 82)، بە پێچەوانەوە لەگەڵ کەسانێك کە هاوپیشەی نین بە زمانێکی فەرمی جیاواز لە زمانی پیشەکەی بدوێت، تاکو ئاخاوتنێکی سەرکەوتوو بێتە کایەوە و کردەی تێگەیشتن و پرۆسەی پەیوەندییەکە ئەنجامدار بێت.

هەر بۆیە دەکرێت بوترێ زمانی ئاخاوتن و زاراوە تایبەتییەکانی هەر گرۆیەکی پیشەیی لە کۆمەڵێکی زمانیدا، ئاسایی بۆ ئەندامەکانی تری پیشە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵە زمانییە نامۆ دێنە بەرچاو و لە بنەرەتدا لەلایەن نا پسپۆرەکان بەو پیشە دیاریکراوە بەکارنابرێن. (زوبێر عەلی، 2012: 103). بۆ نموونە" ئەگەر پرسیار لە دوو کەس بکرێت کە هەردووکیان هەمان کاریان هەیە، دەربارەی ئەوەی چ کارەن؟ ئەوا بە پێی گروپی پیشەییان وەڵامەکانیان جیاواز دەبێت. ئەگەر ئەو دوو کەسە هەردووکیان فەرمانبەر بن لە پرسگە، کەسی یەکەم لە پرسگەی نەخۆشخانەیەکی ناحکومی بێت و کەسی دووەم لە فەرمانگەیەکی حکومی بێت. ئەوا وەڵامەکانیان بۆ پرسیاری سەرەوە جیاواز دەبێت بەمشێوەیە" کەسی یەکەم دەڵێت کاری (reception)دەکەم، لەکاتێکدا کەسی دووەم دەڵێت" لە (استعلامات)م یاخود دەڵێت لە پرسگەی فلان فەرمانگە دەوام دەکەم. ئەمەش بەهۆی جیاوازی گروپی پیشەییەوە روودەدات و زۆرجار وەڵامی کەسی یەکەم دەبێتە هۆی تێنەگەیشتی بەرامبەرەکەی.

بەم پێیە پێویستە بەشێك لە جۆراوجۆرییەزمانییەکان و سەرهەڵدانی زارەکۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵێکی زمانی دیاریکراو لەگەڵ هۆکاری پیشەیی و پیشە جیاوازەکاندا بەیەکەوە گرێ بدرێن .

## 4. ئەنجام

١-کۆمەڵگا تا کۆمەڵگایەکی تر جیاوازی هەیە لە جۆراوجۆری زمانیدا، ناکرێت بە چاوێکی یەکسان سەیری کۆمەڵگا جیاوازەکان بکرێت، چونکە هەر کۆمەڵگایەکی زمانی بە پێی داب و نەریتی خۆی مامەڵە لەگەڵ هۆیەکانی هاتنە کایەی جۆراوجۆری زمانیدا (چین و توێژ، ڕەگەز، تەمەن، پیشە) دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی جیاوازی.

٢-ئەم جۆراوجۆریە، فەرهەنگی زمانەکان فراوان دەکات و بواری هاتنەکایەی وشە و زاراوەی نوێ دەکاتەوە.

٣ -دەتوانرێت کۆمەڵگای کوردی بە هۆی ئەو جۆراوجۆرییەزمانییانەوە لە کۆمەڵگاکانی تر جیابکرێتەوە، چونکە هەر کۆمەڵگایەك هۆکاری ژینگەیی و کۆمەلأیەتی و ئابووری جیاوازی هەیە.

٤ -سەرجەم ئەو هۆکارانەی کە لە توێژینەوەکە ئاماژە بۆ کراوە (چین و توێژ، ڕەگەز، تەمەن، پیشە) دەبنە هۆی پەیدابونی جۆراوجۆری زمانی لە کۆمەڵگادا.

## 5. پەراوێزەکان

(1) وەرگیراوە لە (ویلیەم ئۆگرادی و ئەوانی تر ، 1384 : 524).

(2) گەلێك بیرو بۆچوونی جیاواز هەیە سەبارەت بە دیاردەی جۆراوجۆری زمانی و هۆیەکانی پەیدابوونی ئەو دیاردەیە. زمانەوانەکان بە شێوەی جیاواز پۆلینیان کردووە. لێرەدا هەندێك لە دابەشکردنانە دەخەینە پێش چاو:

- (جۆرج یول) بەمشێوەیە جۆراوجۆری زمانی دەستنیشان دەکات: (جۆراوجۆری زمانی):. (دیالێکتی جوگرافی، دیالێکتی کۆمەڵایەتی، دیالێکتی کەسی، شێواز لە چوارچێوەی ئاخاوتندا)
- (واردۆغ wardhaugh) هۆکارەکانی جۆراوجۆری زمانی بەمانە دەستنیشان دەکات: (تەمەنی قسەکەر، پیشە، شێوازی ئاخاوتن، شوێنی جوگرافی).(بێریڤان محەمەد شەریف، 2010: 10–17)

(3) (دکتۆر محەمەد شوانی، 2012: 37) چینەکان بە پێی پیشەکانیان دابەشی سەر سێ چین دەکات:

- چینی ناوەندی سەروو: لەو کەسانە پێکدێت کە خاوەنی پیشەکانی بەڕێوەبەرایەتی و پسپۆرین.
- چینی ناوەند: بریتین لە خاوەن سەرمایە بچووکەکان، خاوەنی فرۆشگا ناوچەییەکان ....و جوتیارە بچووکەکان.
- چینی خوارەوە: ئەو تاکانە دەگرێتەوە کە خاوەن کارێکی کارگێڕی، فەرمانبەرە بچووکەکان.

(4) دەستنیشانکردنی زمان لەسەر بنەمای چین و توێژی کۆمەڵایەتی پێی دەوترێت: (زاری چینی کۆمەڵایەتی – لهجه گائفیه أوگبقیه – Class dialect).

(5) وەرگیراوە لە ( Liamas , C. , Mullany , L. and Stock Well , P. 2007 : 69 ).

(6) بەتایبەتی لە گوند ولادێکاندا ئەمە زۆر ڕوون و ئاشکرا دەردەکەوێت.

(7) بە ئافرەتێکی کوڕانی یان پیاوانە یاخود بە پیاوێکی ژنانی لە قەڵەم دەدرێت لە کۆمەڵگادا.

## 6. لیستی سەرچاوەکان


پ.د.محمد معروف فتاح، زمانەوانی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی (ژ.124)، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2011.

پ.د.یوسف شەریف سەعید، زمانەوانی، کۆکردنەوەی نەریمان خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2011.

د.شاخەوان جەلال فەرەج، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کەلتور، چاپخانەی بینایی، سلیمانی، 2013.

د.عەبدە ئەلراجحی، زمان و زانستەکانی کۆمەڵگا، و.عەبدوڵڵا گەرمیانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2013.

د.نایف خرما، چەند تیشکێك بۆ سەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکان، و.د.شەهاب شێخ تەیب، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك، 2013.

ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا، 2013.

ئالان محەمەد ئەوڕەحمان، پەرچە واتا لە بۆتەی کۆزمانەوانییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، 2015.

شیلان ڕەحیم ئیبراهیم، شێوازی قسەکردنی ژن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، 2004.

زوبێر عەلی عارف، ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، 2012.

ڕێژنە مەعروف حوسێن، ڕۆڵی شێوەزارە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٠.

بێریڤان محەمەد شەریف، جواروجوریا زمانی ل دەڤەرا بەهدینان زمانێ پیشەیی وەك نموونە، کۆلێژا ئادابێ، زانکۆیا دهوکێ، 2010.

پێشکەوت مەجید محەمەد، ڕەگەز لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، 2013.

د.محمود السعران، اللغه والمجتمع رڕی ومنهج، الگبعه الپانیه، دار المعارف، الاسکندریه، 1963.

علی اکبر شیری، در ئ̆مدی بر گویش شناسی، چاپ اول، 1387.

## التنوع اللغوى في المجتمع الكردي

**الملخص:**

خصص هذا البحث لوصف و تحليل الجوانب المختلفة للتنوع اللغوي في نظر علم اللغة الاجتماعي.

البحث يحاول الاجابة على الاسئلة التالية:

1– هل التنوع اللغوي ظاهرة موجودة ومتشابهة في جميع اللغات البشرية؟

2– ما هي العوامل التي تسبب ظهور وخلق التنوع اللغوي في المجتمع الكردي من ناحية النوعية و الماهية؟

البحث يتضمن مبحثين ما عدا المقدمة و ملخص البحث باللغة (الكردية، العربية، الانكليزية)،

المبحث الاول خصص للتعريف التنوع اللغوي من حيث المصطلح والمفهوم من وجه نظر اللسانيين و خصوصاً من الناحية التصنيفية و اسباب حدوث هذه الظاهرة في المجتمعات المختلفة.

المبحث الثاني خصص للعوامل التي تخلق التنوع اللغوي في المجتمع الكردي مع ذكر نماذج للتنوع اللغوي في مكان ضروري.

أختتم البحث باهم النتائج و قائمة المصادر.

**الكلمات الدالة**: التنوع اللغوي، علم اللغة الاجتماعي، الجنس، العمر، الوظيفة.

## THE VARIETY OF LANGUAGE IN KURDISH SOCIETY

**ABSTRACT:**

This research specializes for talking and analyze about the difference and variety of; language which is importance and research on it in context of sociolingustics. The research is trying to answer the following two questions:

1. Is the variety of languge as phenomenon in all language socities is same?
2. What are the reasons that cause of appearing and becoming of variety in Kurdish society in modality?

The content of the research contains of two parts, introduction and result in the first part the variety of language described and focused on concept and variety of languge terms in different viewpoint of linguistics special in classify and factor of appearing and becoming language variety.

In the second part which is explain about the factors of appearing in the language variety in Kurdish society with suitable examples.

In the end, the importance result of the research and sources were recorded.

**Keywords:** language variety, sociolingustics, gender, age, occupation.